qaiwan group

نەبەز گۆران

# بۆت ئەبارێم

شیعر




کتێبی بۆت ئەبارێنم

نوسینی نەبەز گۆران

ئامادەکردنی بۆ فایلی PDF

ئیبراهیم صاڵح

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

kurd4to.tk

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تەنیایی-
فەرشێکە،
پڕ بە ژورەکەی من.

من خۆم،
ئەمسەری پاییزم گرتووە و
مردنیش ئەوسەری عومرم،
لەو نێوانەدا ئەگەر تۆ نەدۆزمەوە،
یانی ژیان قەبرێکی درێژە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

سەیرکە،

بەس بەکەس مەڵێ،

با هەر بەینی خۆم و خۆت بێت.

هەمووان لە ئاسماندا بۆ - مانگ - دەگەڕێن،

یانی، هەمووان بە شوێن تۆدا دەگەڕێن!

بەس نازانن،

های لە دڵی مندا.

بە کەس مەڵێ،

با هەر بەینی خۆم و خۆت بێت!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هیچم پێ نەکرێ
خۆ ئەتوانم،
ئازارەکانی تۆ لە ناو دڵما بشارمەوە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هەژاری
هەمووی چێژە،
تەنانەت گریانەکانیشی.

نیشتیمان
ماڵێك بوایە
پڕم ئەکرد لە کتێب.

هەمیشە ووتومە
دڵی من،
شوێنی سەخترین
خەمی تۆی تیا ئەبێتەوە
خەمەکانت بۆ من جێبهێڵە و
پێکەنینەکانیشت بۆ خۆت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

من وام
لە ئێوارە دەچم
پڕم لە ئاوا بوون.
حەزدەکەم هەموو شتێك
لە مندا ئاوابێت و تۆ هەڵبێیت.
من وام،
لە پاییز دەچم.
پڕم لە خەزان.
حەزدەکەم هەموو شتێك
لە مندا هەڵبوەرێت و تۆ سەوزبیت.
من وام ئیتر.. من وام!!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

تەواو نابێ،
هەرگیز تەواو نابێت
بیرکردنەوەی من لە تۆ و
لە بیرکردنی من لای تۆ.
تەواو نابێ،
هەرگیز تەواو نابێت
چاوەڕوانی من بۆ تۆ و
نەهاتنی تۆ بۆ لای من..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

با پێت بڵێم:
ئەگەر خۆشەویستی باران بوایە
هەرگیز منت نەدەبینی خۆش بکەمەوە.
چیت پێ بڵێم:
ئەگەر تەنیایی فڕین بوایە
هەرگیز منت نەدەبینی بنیشمەوە.

چەن بێ ڕەحمانەیە
ئەم هەموو شتەهاتن
دڵتەنگی هات...
گریان هات...
تەنیایی هات...
بەس تۆ نەهاتی.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

مەغۆلەکان کە دەهاتن
گریان بەر دەدایە شارەکان،
تۆش، کە ڕۆیشتی گڕت بەردایە دڵی من.

وەختێ
لە خەڵك دوور ئەکەومەوە
هەست بە ئازادی ئەکەم.

هەموو عومرم
لە ژێر بارانا بم، پاك
نابمەوە لە بێ وەفایی تۆ.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەتوانی بڕۆی
پیاوێك تا گەڕانەوەی مەسیح
لە بەردەم تەنیایدا چاوەڕێتە.

پیری
سێبەری
مردنە.

هەستەکەم،
برینەکانی من گەورەترن
لە خەونەکانی ماندێلا.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

من کوڕی ڕۆژگارێکم،
باوکیشم هی ڕۆژگارێکی دی،
بەڵام دایکم جلی هەر دووکمان
لە یەك تەشتا ئەشوات..!!

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بۆ دلاوەر عومەر:
هەموو توڕە بوونەکانت کۆدەکەمەوە و
نەیدەم لە دەموچاوی دونیا.
تا تۆزێ جوان بێت.

هیلال ئیبراهیم:
تکایە شیعر مەنووسە.
هەمووسەیرکردنێکت
دیوانێکە.

نیاز محەمەد:
تۆ ئەو پەری پێکەنینیت
بە ژیان.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

عیرفان مستەفا:
هەموو هێزی خۆم خستە گەر
هەر ئەوەندەم پێکرا، بیرکردنەوەکانت
تا ئەژنۆم هەڵگرم.

سۆران عومەر:
لە من ئەچی
ئاخری دێیتەوە بۆ ئەم دۆزەخە.

سمکۆ محەمەد:
ژیان بە بێ گلەیی خۆشە.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

من-
ژیان دووبارە ئەکەمەوە!.
دووبارە، دێمەوە بەردەرگایماڵتان،
دوو بارە، دڵم تەنگ دەبێت بۆت
دوو بارە، دڵم خۆش دەبێت بۆت
دووبارە، نامەیەکت بۆ دەنێرم
بە خەتێکی خۆش لەسەری دەنووسم:
هەموو شتێکی دووبارە ناخۆشە،
جگە لە بینینی تۆ!!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

رامیار مەحمود:
تۆ ئەو شەمەندەفەرەبووی
هەمووومانت لە شوێنێك دابەزاند و
خۆشت ڕۆشتی.

ڕێبوارقارەمانی:
هەرچەن تۆم ئەبینی
ئەم وت: ئاخری ئەم وڵاتە
تەنیایی ئەیکوژێت.

دکتۆر ڕەوشت:
بەخیلی بە کەمانچەکەت ئەبەم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

رەنج سەنگاوی:
ئەگەر بەقەت من تیرت بەرکەوتایە
بەراکردن ئەم وڵاتەت بەجێدەهێشت.

شاهۆ سەعید:
حەزەکەم وەك ئەمامێك
لە تەنیشتن سیاسیەکان هەڵت کەنم و
لە بەردەم کتێبخانەیەك بوچێنم.

هیوا سەعید:
زوو چراکە دامەگیرسێنە
با باش تاریك دابێت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

رەنج سەنگاوی:
ئەگەر بەقەت من تیرت بەرکەوتایە
بەراکردن ئەم وڵاتەت بەجێدەهێشت.

شاهۆ سەعید:
حەزەکەم وەك نەمامێك
لە تەنیشتن سیاسیەکان هەڵت کەنم و
لە بەردەم کتێبخانەیەك بوچێنم.

هیوا سەعید:
زوو چراکە دامەگیرسێنە
با باش تاریك دابێت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

سالاری چایچی:
بۆ من،
گەورەترین نیشتیمان
چایخانەیەکی بچکۆلانەیە.

کاروانی بۆیاخچی:
دەست لە بۆیاخکردنی پێلاوەکانیان هەڵگرە و
روخساریان پاک بکەوە.

سۆران ساڵەح:
ئەگەر تۆ نەمردیتایە
ژیان ئاوا بۆگەنی نەدەکرد.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەحمەد میرە:
لەهەر ڕێگەیەکەوە بچین
قاچمان پڕدەبێت لە دڕك

دارای ڕۆژنامە فرۆش:
زۆر ژیان سەرقاڵ مەکە
بابەشی ئەوانی تریش بمێنێ.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تاقە شتێ
شایەنی کوشتن بێ
تەنها رقی ناو ناخمانە.

دوای ئەنفال
لەو بیابانە،
هەرچی ئەچێنی
قیژەی کچە کوردێك ئەگرێ.
دوای ئەنفال، لێرە
هەرکورسیەك دروست کەی
پیاوێکی بەعسی لە سەری دائەنیشێ.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من کوردم
بۆیە کەس نام ناسێ.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

دایم پەردەی ژورەکەم داداوەتەوە،
نامەوێت لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە بکەم
ژیان لەپەنجەرەوە بچوکترە.

جەنابی کۆلۆمبس
ئەمریکام بۆ مەدۆزەرەوە
پێم بڵێ: یار لە کوێیە؟!.

ژن، دڕندە ئەکات بەمرۆڤ
ژن، هۆش ئەخاتە پیاوەوە
ژن، هێز لە پیاو ئەسەنێت
سوپاس بۆ گەلگامێش.!!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لە جوتیاریێ ئەچم
لە بری زەوی
خەون ئەکێڵم.

زەوی گێژبووە
ئەوەندە
بێ ئیش سوڕایەوە.

ڕۆژەکانی عومرت
وەك گوێز بشکێنە
بزانە هەمووی پوچ نیە؟.

خۆر
لە منێ دەچێت
هەمیشە ئەسوتێ.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

ئەمە دوا قسەمە
درەنگ بێ یا زوو
ڕۆژێك دێ،
وەك سەردەشت و سۆران ئەمرم
بە جوانی.

هەمیشە دڵم لای دایکمە،
نەکا مردن بێت
تا پێی بڵێم:
لە بری ئەو من ببە.

گۆرانیەك ئەڵێم
ئەمشارە بخاتە سەما
تا من و تۆ بێدەنگ دانیشین.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هیچم ناوێت..
هیچ شتێک،
شارەکان هەمووی بۆ تۆ،
گوندەکان و باخەکان،
هەر هەمووی بۆ تۆ..
کتێبەکانم،شیعرەکانم
گۆرانی و بێدەنگیەکانم،
گەنجیەتی و پێکەنینەکانم،
هەر هەمووی بۆ تۆ.
بەس..
شوێنێکم دەوێت،
شوێنێك تێیدا پاڵکەوم،
شوێنێك تێیدا ڕاکشێم،
تا خەون بە تۆوە ببینم!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

عەشق-
یانی سەبەتەیەك سەوزەی تازە
یانی نانێکی گەرم تۆ دەیهێنی،
یانی سفرەیەکی پڕ لە مناڵ،
بە سادەیی پێت بڵێم:
عەشق یانی دانیشتن لە سەر ئەو سفرەیە.

بۆ سێ شت ماوم
بۆ تۆ و
دایکم و
شیعر.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لە تەنیایی
من ئەچی
کاڵ نابیتەوە.

چەند
خۆشبەختم
کە مرۆڤم.

کە جۆگەیەك ئاو
هەڵەکات
مناڵێم کۆئەکەمەوە.

وەك جێ پێی
نەسیێك
بڕم لە حەقیقەت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

پاییزان..
کە درەختێک ئەبینم
بە رووتی،
تەریق ئەبمەوە.

چەند خۆشیە بوو
لە هەرشوێنێک پاڵکەوتماییە
لە بری خەون
تۆم ببینیاییە.

نەڵێی
هەرمێی
بە توێکڵەوە خۆشی.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تۆ
لاولاوێکی
دەمێك، خونچە نەگری
دەمێکیش، خونچە نەبێتە گوڵ
وەلێ هەمیشە ئاڵاوی لێم.

هاوڕێکانم
ئاخوا حەزکا سادەن.
لە فەلسەفە تێ نەگەن، ئەما لە ژن نا!!

چەن سەختە
نەدەتوانین بگەڕێینەوە بۆ منالی،
نە دەتوانین نەچین بەرەو پیری،
ژیان جۆگەیەك ئاوە ، وەك گەڵا دەمانبات.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لێگەڕێ
با خەڵك بێداربێ
تا من خەون بەتۆوە ببینم.

توانای
ئەوەم هەیە
خۆم لە بیرکەم، بەس تۆنا!!

دەرگاوانی
نیشتیمانبومایە
توند توند دەرگاکانم کلیل دەدا
تا نەیەڵم سەرکردەکان دوژمنەکان بهێنە ژورەوە.

دوای ئەنفال
ڕۆژ بە ڕۆژ، دڵی
وشکتر ئەبێ ئاوی ئەڵومن.!!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تا ئەمجارە دێیتەوە
پیردەبم،
ئەڵێی سێوم زوو پێ ئەگەم!!

نە دڵ ماوە
نەڕۆح ماوە
نە گیان.
یار هەمووی برد.

نایکەم
ئەوەنە میهرەبانە
بە "گوڵدان" ئەڵێ نیشتیمان،

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تلێ
لە پرچی خۆتم بەرێ،
با ئەم تەنیایەی پێ ببەستم.

ئەوەندە زۆری
بۆم کۆناکرێتەوە.

خۆشەویستی
گەنم بوایە،
نانی هەموو ماڵەکانم ئەدا.

جەنابی دارتاش
مێزی یەك کەسی دروستکە
نابینی هەموومان تەنیاین.!!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

\-

بێمە ناوت
تۆ بخەوم،
تەنیایی؟.

و
پیرێك دەیوت:
خەڵك هەموو
سەیری ئەشکەوتێك ئەکا
ئەشکەوتەکە هیچی تیا نیە
ئەمەیە ئایندەی کورد!!

ژن
ئەڵێی مانگە،
هەمیشە دیوێکی تاریکە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

چومە بن داری
سێوەکانی هەڵوەریبوون
وتم: خودایا
ئەم هەموو ژنە چیە راکشاون.!!

ئەوەندە
باوەشی پیاکردوم
بووە بەدایکم، تەنیایی.!!

زیان
دەرگای نیە.

لە ناو سەرما
ماڵێك هەیە بۆتۆ
لە ناو سەری تۆشدا
دەرگایەك هەیە بۆ رۆشتنی من!!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

لە خەڵك وایە
من شاعیرم
کەچی نازانن بەس تۆ ئەنوسمەوە.

دڵتەنگیەك لە منایە
بۆهەر شوێنێك ئەچم
پێش من لەوێیە.
جوانیەکیش لە تۆدایە
بەهیچ درۆیەك ناشارێتەوە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

خوا،
کوێرمکات ئەگەر درۆبکەم،
هێندەی گوڵی سەر کراسەک کم،
جوانیت!

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تۆ لە دڵی منداڵی
ئەوە شوێنی تۆیە.
من لە دڵی تۆدا بووم
چونکە شوێنم نەبوو.
سەیرکە هەرگیز لەیەك ناچین؟
تۆ لە بێ شوێنیا منت کردە شوێن،
من لە زۆر شوێنیا تۆم کردە شوێن.

پەیکەرتاشێکی دەست ڕەنگین نیم
کەچی پەیکەری هەر ژنێك ئەتاشم
حەز لە خۆم ئەکا!!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

ماڵی ئەو حەکیمە لەکوێیە؟
بابچم دڕکی درۆکانی ئەو ژنە،
لە گیانما دەربێنێت.

ئیدی وایە،
پیاو ئەگەر قەڵایەکی سەختیش بێت
ژن بەبێ شمشێر ئەیگرێت.!!

چبڵێم؟!
بێ وەفایی
باران بوایە
دەمێك بوو وڵاتەکەی من ئاو بردبووی.!!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ژن
سەربازی شەترنج بوایە
مەلیك لەپێشی پێشەوە دەبوو!!

تا
یار هەڵدێ
نەگەینە جێ؟.

پاش ئەنفال
کە مردم ، ئێسقانەکانم بسوتێنن،
نەبا سەگێکی بەعسی رێی بکەوێتە گۆڕستانەکەم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

خۆشحاڵم
سەرم داویەتی لەسپی
ئێدی پیاوێکی واقیعیم!!

دا
بفڕە.
ترۆپکی کێوەکان سپی ئەکاو
تووری تۆش سەری من.

با بچینە سەرجادە
خۆپیشاندان بکەین
دژی بێ ڕەحمی یار.

با هەر دووربی
ملێک هەتا دورتربێ،
لە تاریکدا جوانتر ئەنوێنێ.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

ژن
گوڵدانی
ماڵە.

هەمووشت لە من ئەروا
تەمەن-
منداڵی-
گەنجیەتی-
بەڵام. دڵتەنگی نا.

ئەگەر تەنیایی
هەنارێك بوایە،
بەشی کەسم نەئەدا.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ڕۆژێك دێ ،
ناوی من، لەسەر شیعرەکانم لێ ئەکەنەوە.
ناوی من، لەسەر دڵتەنگیەکانم لێ ئەکەنەوە.
ناوی من، لەسەر ئاوازەکانم لێ ئەکەنەوە.
ئەوەندە خاوەنیان زۆر ئەبێت
خۆشم خۆم ناناسمەوە.

من
نەبێت بنووم
نەکا چاوەڕێم بکات بێتە خەوم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

بە جۆرێ ئەتنوسمەوە
جوتیارێکیش لە ترپەی دڵم بگات.
ئاخر عەشق بە سادەیی جوانە
عەشق یانی
لەتکردنی ژیان.
لەتێک پێکەنین بۆ تۆ و
لەتێک گریانیش بۆ من.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەوەندە منداڵانە
سەیری ژیان ئەکەم،
تائێستاش ، لای من
بەرزترین لوتکە شانەکانی باوکمن.

لە ئیبراهیم ئەچم
چەندین ساڵە لەناو دڵی ئەودا
ئەسوتێم و
کەچی هەرماوم.!!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من
ئەچم ئەنووم
دەمێکە یارم نەدیووە.

تەنیایی یانی
نیشتیمانم هەیە
بەس شوێنم نیە!.

تەنیایی یانی
من کە لە ناخەوە وێران بووم
ئیتر بەمن چی تۆ دونیا بگۆڕی؟..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تەنیایی یانی
لێنەگەڕێیت جوانیەکانت
لەدەست بدەیت.

من بەبۆن
گوڵەکان دەناسمەوە،
من بەچاو
دڵەکان جیا ئەکەمەوە،
من بە دڵ
ژنەکان دە دۆزمەوە،
من بە ڕەنگی خوێن
گەرەکی قەسابەکان و
ناخی سیاسیەکان دەناسمەوە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ژیان،
لێرە جۆرێکی ترە.
یانی وەك دڵی منە،
هەمیشە تەنگ!..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

من ئەوانەم خۆشدەوێن
بۆ هیچ شتێك،
لە سەر چۆك دانانیشن.

هەستدەكەم
لە ستەمكارێك دەچم،
كاتێ لەسەر كورسی دڵی تۆ دادەنیشم
چاوم هیچ كەس نابینێ!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هەستدەکەم
لەژەنەراڵێك دەچم،
کاتێك دەکەومە ناو شەڕەکانی تۆوە
ئەوسەری دۆڕانم لێ دیارە!.

هەستدەکەم
لە سەربازێك دەچم،
لە جەنگی خۆشەویستی تۆدا
ناوم لە ناو ونبووەکاندایە!.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هەموو جارێ ،
کە ئاسمان دڵی تەنگ دەبێ
هەورێ دێت.
خۆزگە جارێکیش
کە من دڵم تەنگ دەبوو،
تۆ دەهاتی!.

من ئاوام
جارێ واهەیە ،
ئەوەندە بەجوانی ئەڕۆیت
حەزناکەم بێیتەوە.
هەمووشتێ بەجوانی خۆشە
ئەگەر ڕۆیشتنیش بێت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

چەن سەختە،
من گریانەکانم ئەکەم بەشیعر و
تۆش بۆ یەکێکی دی بیانخوێنیتەوە.

هەمیشە ئەڵێم:
لەجێی هەموو ئەستێرەکان
مانگ بێت،
بەبێ تۆ هەر تاریکە شەو.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

کاتێك ڕۆشتی
هەتاو ئاوا نەبوو ،
دەمێ بوو پاییز لێرەبوو.
مانگ لە تەمەنی چواردە ساڵیابوو،
بەفر نەباری تا ڕێگاکان داپۆشێ.
سەیرکە۔
هەموویان دەیانزانی تۆ دەڕۆی
جگە لە دڵی من!!

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەمشەو
ساڵێك دەڕوا
منیش دەنووم،
تا خەون بەهاتنی تۆوە ببینم
تاخەون بە ساڵێکی ترەوە ببینم،
هەموو هاتنێکی تۆ
سەری ساڵێکی نوێیە..

من بەم تاریکیە قایلم،
بەس لێگەڕێ بۆ یەکجاریش
سەیری ڕوناکی چاوت بکەم،

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەمشەو
ساڵێك دەڕوا
منیش دەنووم.
تا خەون بەهاتنی تۆوە ببینم
تاخەون بە ساڵێکی ترەوە ببینم.
هەموو هاتنێکی تۆ
سەری ساڵێکی نوێیە.

من بەم تاریکیە قایلم،
بەس لێگەڕێ بۆ یەکجاریش
سەیری روناکی چاوت بکەم.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

چاوەڕوانی
دەرگایەك بوایە،
بەدەستی خۆم کلیلم دەدا
ئەوەندە چاوەڕوان بووم
تا تۆبێیت،
خۆم ڕۆیشتم.

ئەوین
سزای هەبوایە
تا ئەبەد لە زیندان دەبووم.

ئاپلۆد بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بڕێکجار
حەزدەکەی تەنیابیت.
حەزدەکەیت ئارام بیت.
حەزدەکەیت دووربی لە هەمووشت
بۆ ئەوەی بیر لە کەسێك بکەیتەوە.
بڕێکجاریش
حەزدەکەیت زوو ڕۆژبێتەوە
حەزدەکەیت هەر شەو دانەیەت
حەزدەکەیت پشت لە تەنیایی بکەیت
بۆ ئەوەی بچیت ئەو کەسە ببینێت!!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

من،
لە سەدەیەکدا دەژیم
هەموو شت کورت بوەتەوە.
خۆشەویستی کورت بوەتەوە.
پێکەوە بوون کورت بوەتەوە.
وەفا کورت بوەتەوە.
بەس تەنیایی نا.

من،
لە سەدەیەکدا دەژیم
هەموو شت سەختە.
هاوڕێیەتی سەختە.
نزیکی سەختە.
دووری سەختە.
ژیان سەختە.
بەس مردن لە ڕێی تۆ نا.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

گەنجیەتی،
راوەستانە لە سەر دڵی دونیا.

تەواو نابێ،
هەرگیز تەواو نابێ،
بیرکردنەوەی من لە تۆ و
لە بیرکردنی منیش لای تۆ.
تەواو نابێ،
هەرگیز تەواو نابێ.
چاوەڕوانی من بۆ تۆ و
نە هاتنی تۆش بۆ لای من.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

لە وانەیە شتێك بکەم
لە وانەیە شەڕێك بنێمەوە.
لە وانەیە کتو پڕ
دڵم پڕکەم لە خۆشەویستی و
بدەم بەسەر ماڵتانا.
لەوانەیە هیچ نەکەم
تەنها وەك غەریبەیەك،
بەشوێن ماڵەکەی خۆمدا بگەڕێم.
یانی بە شوێن دڵی تۆدا..

ئەگەر پێتخۆشە
هەموو شت بشکێنە.
پەنجەرە بشکێنە،
گوڵدانەکان بشکێنە،
دووری نێوانمان بشکێنە،
بەس دڵم نا.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هەموو شت چاك دەبێتەوە.
پەنجەرە چاك دەبێتەوە،
گوڵدان چاك دەبێتەوە،
دووری نێوانمان چاك دەبێتەوە،
بەس دڵم نا.

من کوڕی وڵاتێکم
هەواڵی مەرگی مرۆڤەکانی،
هێندەی هەواڵی دەرهێنانی بەرمیلێك نەوت
ئاسانە!!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

ئێمە
لەسەر خاکێك دەژین،
ئەستێرەی سەر شانی کورەکانی سەرۆك،
زۆرترن لە ئەستێرەی ئاسمانی وڵاتەکەمان!.

رادیۆ دەڵێت:
بومەلەرزەیەك بە ڕێوەییە
جار بە جەهەنەم.
خۆ لەم نیشتیمانە کاولەی ئێمەدا
لە هەر شوێنێکەوە زەوی شەق ببات
مولکی بەرپرسێکی گەندەڵ پێوە دەبێت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

فەیلەسوفێك دەڵێت:
مێژوو دووبارە دەبێتەوە
نەفرەت لە خۆت و لە مێژووش.
خۆ لای ئێمە،
مێژووەکەشیان هێندەی سەریان رەشە.

منداڵی بەر پرسێك لە ناو كۆشكێكدا
هاوار دەكات: شۆڕش بەردەوامە
نەفرەت لە خۆتان و شۆڕشتان.
شۆڕشەكەی ئێوە دارێكی چاند
لەبری ئازادی پیاوكوژی گرێت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من
ئەگەر منداڵیم لێ وونبێت
لە ناو گوڵی کراسەکانی دایکما
بۆی دەگەڕێم..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من
ئەگەر منداڵیم لێ ونبێت
لە ناو گوڵی کراسەکانی دایکما
بۆی دەگەڕێم..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

هەمیشە.
حەزم لە سەیرکردنی تۆ بوو.
دوای ڕۆیشتنت ئینجا زانیم
ژێر سێبەری تۆ،
خۆشترین
شوێنی دونیایە.
هەمیشە.
حەزم لە دەنگی تۆ بوو.
دوای ڕۆیشتنت ئینجا زانیم،
گوێگرتن لە دەنگی تۆ
خۆشترە
لە خەوتنی بەر هەیوان.
خۆشترە
لە دەنگی پێی منالی.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

با کەس نەزانێ
با هەربەینی من و تۆبێت.
ئەوەندە خۆشم ئەوێت،
حەزدەکەم بە داڵغەی تۆوە بمرم.
با کەس نەزانێ
نێ؟!..

کە گەورەبووم
لە سەر سەکۆی بەر هەیوان دەخەوتم
تا خەونم بە منداڵیەوە ببینم.
گەورەیی ماڵێکە،
حەزدەکەم لە بەردەم پەنجەرەکەی دڵیشم
تا بە دڵتەنگیەوە سەیری منداڵی بکەم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

باران
بەکەلکی چیدێت ،
وەختێك لە خەیاڵی هەمووماندا
چەترێك هەیە.
پێکەنین
بەکەلکی چیدێت،
وەختێك لە دڵی هەمووماندا
گریانێك هەیە..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

نانێکی گەرم
بۆ هەژارێکی سەر شەقام
لە هەموو ژنەکانی نیشتیمان جوانترە.
تەماشا کردنێکی تۆش
بۆ دڵی من
لە هەموو وەرزەکان جوانترە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من ئەزانم،
من خۆم باش ئەزانم
ئاخری دەبمە شاعیر!.
لە گۆشەی تەنیایدا
سەرینکەم پڕ ئەکەم لە خەون و
دڵیشم لە تۆ!.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

دەزانم..
ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ منداڵیش
تۆ، هەر بوکە شوشە وونبوەکەی منی!.
دەبا ( کافکا) بڵێ وانیە؟.

ئەو..
چاوەڕوانی گۆدۆی نووسی
منیش گەڕانەوەی تۆ دەنووسم.
با ئەوەندەی تر بێزاربێت ( بیکت).

نامەوێت شاعیرانە بنووسم، یانی دەمەوێت وەك گوندییەك خەون ببینم، وەك گوندییەك سەیری ژیان بکەم، وەك گوندییەك لەگەڵ شاعیرەکان نا، لەگەڵ فەیلەسوفەکان بیر لە تۆ بکەمەوە. بیر لە بوون بکەمەوە. بیر لەخۆم بکەمەوە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من بیرم کردەوە،
تا تۆم هەبێت،
بۆیە خۆشم هەم،
سوپاس بۆ ( دیکارت).

تا فرمێسکێکی تۆ
نەکەوتە سەر زەوی،
کەس ( نیوتن)ی، نە دەناسی!.

من-
بەشوێن تۆدا گەڕام
بۆیە بوومە( کۆلۆمبس)ی عەشق!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

بەیانیان زوو هەڵدەستم تا دڵم پڕکەم لە هەوای پاك، کەمێك سەیری باخەکان ئەکەم و کەمێك سەیری ئاسمان، ئیدی نەزانم سادەیی لەوە گەورەترە بینوسیتەوە. بڕێکجار نەخەوتن دەردە، بڕێکجاریش خەوتن دەردە، لە هەموو لایەکەوە بیری لێدەکەیتەوە هیچ شتێك وەك خودی ژیان دەردنیە. من و تۆ لە شوێنێکەوە هاتووین دەچین بۆ شوێنێکی دیکە. لەو نێوانەدا ناخۆشترین شت کە دەیبینین ژیانە. ئەگەر ژیان ناوی بێماناترین شت نەبێت، بێشك ناوی شتێکی خۆش نیە. من نازانم بە دڵخۆشیەوە بنووسم، ناشزانم دەست لەو هەموو شتە هەڵبگرم مرۆڤ دڵتەنگ ئەکەن. بەڵام بڕێك هەن واتێناگەن. حەزیان لە شتی خۆش و دڵخۆشکەرە. کەیفی خۆیانە ناچار وەك پاولۆ کۆیلۆ پێیان بڵێم:" من تەنها بەرپرسیارم لەوەی دەینووسم، ئیدی بەرپرسیارنیم لەوەی تۆ چۆن لێی تێدەگەیت".

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

مەگەر خودا..
لە دەست بێ ڕەحمی تۆ،
ڕزگارمانکات.
بژی ( هایدگەر).

من..
ئەوانەم خۆشدەوێن
لەبەردەم ستەمکاراندا سەربەرزن و
لەبەردەم – یار – دا چۆك دادەدەن.
داوای لێبوردن لە ( نیتشە) دەکەم.

مۆسیقا
ڕۆح نیە،
تۆ ڕۆحی.
خەجاڵەتی تۆم ( بیتهۆڤن).

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئیدی وایە، من و تۆ ئەتوانین بە جۆرێکی تر بیربکەینەوە، نە لە شاعیرەکان بچین نە لە فەیلەسوفەکان، لە خۆمان بچین. لە هەمووشت سەختر نووسینە بە سادەیی. من نامەوێت ئەمێك بەم ڕێگاكان وون بکەم. یانی ئەگەر نەزانم زۆر گوندییانە، زۆر بەسادەیی شتێك بنووسم. باشترە هەر نەنووسم. ڕەنگە دڵی باخەوانێك گەورەتربێت لە دڵی هەموو شاعیرەکان. پێشك دڵی مەستێك جوانتر و ڕوناکترە لە دڵی بە ئاگایەك، دڵی کەناسێکیش پاکترە لە دڵی هەموو پیاوەکانی دونیا. من بۆ ئەوانە دەنووسم، بۆ ئەوانەی لە سادەترین ژیانئدا تەفسیر بۆ هیچ شتێك ناکەن. چونکە دەزانن جوانی تەفسیری ناوێت.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

ئامادەم..
هەمووشت لەدەست بدەم
بۆ ئەوەی تۆ بەدەست بهێنم،
ڕێك پێچەوانەی ( مەسیح ).

داگیرکردنی دڵی ژنێك
سەختترە،
لە داگیرکردنی وڵاتێك
ئەزانم ( ناپلیۆن) ئەمەی پێخۆشە!

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هەر وڵاتەو،
پایتەختێکی هەیە،
پیاویش یەك پایتەختی هەیە،
ئەویش، باوەشی ژنە!.
پێدەچێت ( ئەفلاتوون) ئەمەی بەدڵ نەبێت!.

خۆشەویستی
خراپتر لە مەرگ،
مرۆڤ دەکوژێت!.
بەبێ نیگەرانی ( ڤیکتۆر هۆگۆ).

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

مێژوو-
لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد
تۆ ڕۆیشتی!.
بێشك ( هیگل) توڕەدەبێت لێم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

# لە ژوورەکەی خۆمەوە تا دڵی تۆ

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

نیشتیمان هی ئەوانەیە
شوێنیان هەیە
ئەوانەش بۆی ئەمرن
بێ شوێنن..!!

هەموو شەوێك
تەنیایی لەچاوەکانمدا ئەنوێت
بەیانیان پێش خۆم
بە خەبەردێت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

من نەزانم،
ئاخری دەبمە شاعیر
من نەزانم،
ئاخری ناگەم بەهیچ.
عاشق هەرگیز ناگات بەهیچ!.
عاشق وەك پەروانەیە،
بۆ گەیشتن بەیار، رو لە چرا ئەكا.
عاشق هەرگیز ناگا بە هیچ.
من نەزانم!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

شەوان درەنگ نەخەوم/ ڕۆژانیش درەنگ هەڵەسم/ لەهەموو حالەتێکدا، ئەمەوێت کارێك بکەم، ژیان زووتر تەواوبێت/ زۆر خۆشحاڵم دوای خۆم هیچم نیە جێی بهێڵم جگە لە چەن دێڕێکی شێواو/ ئەوانەی ئەمناسن تێدەگەن، ئەوانەش نامناسن حەزناکەم قەد تێبگەن/ ئەترسم بمرم و دڵی هەموو ئەو ژنانە بشکێت لەدورەوە خۆشیان ئەوێم/ من خەمی ئەوانەمە ژیانیان نەدیوەو، لەمردن ئەترسن/ نوسینەوەی مەرگ خۆشترە لە نوسینەوەی ژیان/ مەرگ ئازارێکە یەکجار دەردەکەوێت، کەچی ژیان ئازارێکە هەموو بەیانیەك ئەدا لە دەرگاکەت/ ژیان ئەگەر پەردەیەك بوایە بەدەستی خۆم لام ئەدا بۆئەوەی ئیتر کەس توش نەبێت.

ژیان
سێ وەرزە
تەنها وەرزی منداڵی خۆشە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

مەرگ، داخستنی دوکانی ژیانە.
خۆشبەختی، دۆزینەوەی دڵی ژنێکە لەناو سەبەتەیەک سێودا.

ژن ئەگەر کانی بوایە
هەردوو قاچم تێ ئەخست
تا پیاوەتیم فێنک بێتەوە.

ژن چیرۆکێکە
بەقەڵەمی پیاو ئەنوسرێتەوە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من واخۆم ڕاهێناوە هەمیشە قسەلەگەڵ خۆمابکەم. بۆئەوەی گوێم لە ئێوە بێت/ ئەم خەڵکە دەست لەژیانی ئەم و ئەو هەڵناگرن، ئێ ئاوایە تا خۆیان وننەکەن ئەبێ شتێك بڵێن/ من مرۆڤم خۆشدەوێت، بۆیە تائێستا ماوم/ مرۆڤ ڕەشەبایەکە ڕوبکردە هەرلایەك تێکی ئەدا/ مرۆڤ نەبوایە زەوی جوانتر ئەبوو/ مرۆڤ شیعرێکی تەواو نەکراوە/ من ئەو مرۆڤانەم خۆشدەوێن بەئەدەبەوە ئەمرن، بەئەدەبەوە ئەگرین، بەئەدەبەوە ئەژین/ من مرۆڤم خۆشدەوێت بۆیە تا ئێستا مرۆڤم/ بەڵام زۆرن ئەوانەی لێم تێناگەن، کەمن ئەوانەی لێم تێدەگەن.

هەموو جارێ
لەتاقیکردنەوەی خۆشەویستیدا
دەرناچم، بۆیە بەتەنیا ماومەتەوە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

مەیە بۆلای من
ژوورەکەم ئەوەندە بچوکە
ڕێی خەونەکانمی تیانابێتەوە
چ جای تۆ.

پەردەکەم داداوەتەوە
چەنجەرەکەشم داخراوە
تەنها دەرگای خەونەکانم کراوەن.

پەنجەرە ناوی دووهەمی چاوڕوانیە.

هەرچی دەرگاهەیە دابخرێت
بەڵام داخستنی دەرگای دڵێك سەخت نیە.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من واخۆم ڕاهێناوە هەمیشە قسەلەگەڵ خۆمابکەم. بۆئەوەی گوێم لە ئێوە بێت/ ئەم خەڵکە دەست لەژیانی ئەم و ئەو هەڵناگرن، ئێ ئاوایە تا خۆیان وننەکەن ئەبێ شتێك بڵێن/ من مرۆڤم خۆشدەوێت، بۆیە تائێستا ماوم/ مرۆڤ ڕەشەبایەکە ڕوبکردە هەرلایەك تێکی ئەدا/ مرۆڤ نەبوایە زەوی جوانتر ئەبوو/ مرۆڤ شیعرێکی تەواو نەکراوە/ من ئەو مرۆڤانەم خۆشدەوێن بەئەدەبەوە ئەمرن، بەئەدەبەوە ئەگرین، بەئەدەبەوە ئەژین/ من مرۆڤم خۆشدەوێت بۆیە تا ئێستا مرۆڤم/ بەڵام زۆرن ئەوانەی لێم تێناگەن، کەمن ئەوانەی لێم تێدەگەن.

هەموو جارێ
لەتاقیکردوەی خۆشەویستیدا
دەرناچم، بۆیە بەتەنیا ماومەتەوە.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەگەر سەیری تاڵە سپیەکانی سەرم بکەیت ئەزانی چەنجار دڵم شکاوە/ وەك سوارێك كەوتمە خوارەوە بۆناو ژیان/ کەوتنە ناو ژیان عەیبترە لەسورابوونی مەرگ/ ئەوەی دڵم خۆشدەکات ئەوەیە ئەتوانم بەپارەیەکی کەم پاکەتێك هاوڕێ بکڕم/ جگەرە هاوڕێکە بە بێدەنگی ئەو کوژێت/ من لە زمان بێزارم ، نەك لە بێدەنگی، چاوێك کەسەیرت ئەکات بەقەت سەد قسە جوانترە/ مرۆڤ ئەگەر زمانی نەبوایە حەیوانێکی ئەجیب ئەبوو.

هەتا بێت ژورەکەی من بچوکتر ئەبێتەوە
ڕەنگە بەشی من هەر ئەوەبێت
لە ژورێکی بچوکدا بۆدڵێکی گەورە بگەڕێم.

هەفتەیەکە کتێبێکم نەخوێندوەتەوە
هەر خەریکی خوێندنەوەی
دڵی تۆم.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەوەندەی شەرم بۆ خەڵکیکرد شەرم، بۆ خۆم بکردایە، ئێستا لەپێشی پێشەوەی ژیان ئەبووم/ ئەوەندە تکام بۆسەلامەتی ئەوانکرد، دوعام بۆخۆم بکردایە ئێستا بووبووم بە وەلی/ کە هەقی ئیشەکەم وەرنەگرم، دە جار ئەیژمێرم ئەڵێم نەکا بەشی جوار رۆژم بکلت/ ئەو رۆژانەی پارەم پێتیە خۆشترن لەو رۆژانەی پارەم پێیە/ مرۆڤ بەبێ پارە سروشتی ترە/ پارە رۆحی لەمرۆڤدا کوشت./ حەزم لەئامۆژگاری نیە، مرۆڤ ئەبێت کەمێك یاخی بێت/ رقم لەپەندە کۆنەکانە/ بۆیە لای من سوار بوون خۆشەو، دابەزینش هەر خۆشە/ کلاوم لەسەرنانیە تا دەستی پێوە بگرم/ سەری خۆم بلش ئەشۆم ئیتر بۆچی بیخورێنم/ هەمووومان ئەزانین سەری گا هەر زلە/ ڕێوی ئەچێت بە کونەکەی خۆیدا یا ئەچێت بۆماڵە دراوسێکەیان، ئەوە کەی موشکیلەی منە/ بەرد لەهەرشوێنی بێ هەر قورسە/ هەموو چێشتێ بێ خوێ خۆش نیە، خوێی زۆریش بۆ زەخت خراپە/ نان بۆ خواردنەو، گۆشتیش بۆ برژاندن/ زمانت بگرە، قسەو بۆناکرێت.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەوەندەی شەرم بۆ خەڵکیکرد شەرم، بۆ خۆم بکردایە، ئێستا لەپێشی پێشەوەی ژیان نەبووم/ ئەوەندە تکلم بۆسەلامەتی ئەوانکرد، دوعام بۆخۆم بکردایە ئێستا بوو‌بووم بە وەلی/ کە حەقی ئیشەکەم وەرئەگرم، دە جار ئەیژمێرم ئەڵێم نەکا یەکی چوار ڕۆژم بکات/ ئەو ڕۆژانەی پارەم پێنیە خۆشترن لەو ڕۆژانەی پارەم پێیە/ مرۆڤ بەبێ پارە سروشتی ترە/ پارە ڕۆحی لەمرۆڤدا کوشت./ حەزم لەئامۆژگاری نیە، مرۆڤ ئەبێت کەمێك یاخی بێت/ ڕقم لەپەندە کۆنەکانە/ بۆیە لای من سوار بوون خۆشەو، دابەزینیش هەر خۆشە/ کلاوم لەسەردانیە تا دەستی پێوە بگرم/ سەری خۆم باش ئەشۆم ئیتر بۆچی بیخورێنم/ هەموومان ئەزانین سەری گا هەر زلە/ ڕێوی ئەچێت بە کونەکەی خۆیدا یا ئەچێت بۆماڵە دراوسێکەیان، ئەوە کەی موشکیلەی منە/ بەرد لەهەرشوێنێ بێ هەر قورسە/ هەموو چێشتێ بێ خوێ خۆش نیە، خوێی زۆریش بۆ زەحمەت خراپە/ نان بۆ خواردنەو، گۆشتیش بۆ برژاندن/ زمانت بگرە، قسەو بۆناکرێت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆلۆ

www.kurd4lo.tk

بۆنەوەی  لەبارەی خۆمەوە بدوێم
دەبێت ئیجازە لەتەنیایی بخوازم.

ژوورەکەی من
هیچی تیانییە
جگە لە پیاوێکی دڵ شکاو.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

## لەو سەری کۆلان

بەس جارێك
تەنها یەکجار
لەو سەری کۆلان
چاوەڕێمکە.

من
تا ئەبەد
لەو سەری دڵ
چاوەڕێت دەکەم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

چەند خۆشدەبوو،
کاتێك، دڵتەنگ دەبی
یان،
نائومێد دەبی،
یان،
بێ شوێن دەبی،
دڵێکی خاڵی هەبووایە،
ڕوی تێ بکەیت.
تا،
تێیدا بحەوێیتەوە.
تێیدا ئارام بگریت و
ئومێد بچنیتەوە.
چەند خۆشدەبوو!.
هەمیشە دڵێکی خاڵی هەبووایە،
وەك ماڵی خۆت
وەك نیشتیمانی خۆت،
ڕوی تێ بکەیت.
چەند خۆشدەبوو!.
چەند خۆش.

www.kurd4to.tk

من کە تورەبووم ئەچمە کۆڵان، ئەچمە چاپخانە، ئەچمە سەر جادە. سەرم دائەخەم و تا ئەو بەری بێدەنگی دەڕۆم. جاری وا هەیە ئەوەندە بە خێرایی ئەڕۆم ژیانیش پێم ناگات. جاری واش هەیە حەزدەکەم بە پێی پەتی تالای مردن راکەم. ژیان یەك قومی ماوە نۆشیکەو برۆ. لە هەر شوێنێك بووبێم هێندەی درەختێکی بەردەم پاییز دڵتەنگ بووم. بەقەد پەلکە گیایەکیش دڵرەق. چەنخۆشە گوندی بیت. چەند خۆشە خۆتبیت. من وام لە ناو دەمارەکانمدا گوندێك هەیە. لەناو خەونەکانمدا منداڵێك راکشاوە. لەناو پێڵاوەکانیشمدا مەیلی رۆیشتن. دەترسم مەرگ ئەوەندە کتوپڕبێت فریانەکەوم پێڵاوەکانم لە پێکەم. من لە مردن ناترسم لەوە ئەترسم بە شپرزەی بمرم. شپرزەیی سەری لێ تێکداوم. خۆی راستی ژیان سەیری لێ تێکداوم.

ژیان وایە
کەسێك فێری فڕینت دەکات و
خۆی دەڕوا
دوای ئەو بە هیچ کەس
نا نیشیتەوە !!
ژیان وایە
کەسێك فێری نیشتنەوەت دەکات و
خۆی دەڕوا
دوای ئەو بە هیچ کەس
فێری فڕین نابیتەوە!!

www.kurd4to.tk

ئەو ژنانەی ناسیمن
تەنها یەکیان
پڕ بە بەری دڵی من بوو.

ژنی زۆرم ناسی. ژنێکم ناسی بە خەونی پیاوان پرچەکانی دەبەست - ژنێکم ناسی لە دەرەوە ئەوەندە جوان بوو لە خۆی دەچوو، لە ناویشەوە ئەوەندە ناشیرین بوو هەر لەخۆی دەچوو. ژنی زۆرم دی. ژنێکم دی وەك منداڵ لە باوەشی ئەمەوە رایدەکرد بۆ باوەشی ئەویتر. ژنێکم دی هەموو گیانی درك بوو، تاچاوت دەکردەوە شوێنێکت نەبوو بەبرین. ژنێکم دی کراسەکەی بەری پڕ بوو لە گوڵی بێ وەفایی. یەکێکی تریشم دی لە جانتاکەیدا بەشی هەموو تەمەنی درۆی هەڵگرتبوو. یەکێکی ترم دی بەیانیان لەبری ئەوەی خۆی بگۆڕێت دەمامکەکانی سەر روخساری دەگۆڕی. یەکێکی ترم دی لە ماڵێك دەچوو لە هەر لایەکەوە سەیرت دەکرد هیچی تیا نەبوو. ژنێکم دی ئەوەندە دڵخۆشیەکانی بچوك بوون بە زەردەخەنەی پیاوێك ئەیدا لە شەقەی باڵ. ژنی زۆرم دی، بەلام لەو هەموو ژنەدا تەنها یەك ژنم دی.
بەس یەك ژن.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4fo.tk

من<br>
پیاوێکم بێ تاقەت<br>
هەموو دونیا هی من بێت<br>
دەیگۆڕمەوە بە مشتێ خۆشەویستی.

ئەگەر هاتی بۆ لای من<br>
هیچ لەگەڵ خۆت مەهێنە<br>
جگە لە تۆزێك پێکەنین<br>
ماڵەکەی من هەمووشتێ تیایە<br>
جگە لە پێکەنین<br>
ماڵەکەی من<br>
هیچی تیانیە<br>
جگە لە تەنیایی.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

چەنخۆشە کە باش نیم، چەند خۆشە کە خراپم، ئەگەر باش بوومایە چیم بکردایە؟ دەمێکە سەیری کاتژمێرم نەکردوە، بۆم گرنگ نیە زەمەن دەڕوا یا تەمەنی من، هەرچی بێت هیچ لە سورانەوەی زەوی ناگۆڕێت. زەوی دایم بەو جۆرە دەسوڕێتەوە ژیان لە من دوور خاتەوە. ئەگەر یەکجار زەوی بە دڵی من بکات و بە پێچەوانەوە بسوڕێتەوە لە بری پیری منداڵی دێتەوە. هیچ شتێك بە دڵی من نیە دەبێ من بە دڵی شتەکان بم، چەن بێتامە زەوی،

بەهەر حاڵ
لەوە گەڕێ
تۆ لەو سەری کۆڵان چاوەڕێمکە
منیش لەم سەری دڵ چاوەڕێت دەکەم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

# فرە خراپ ڕۆیشتی *

بڕێ خۆشەویستی هەیە
کتومت لەمەرگ ئەچێت
یەکجار دێت و ئیتر نایەتەوە.

خراپ ڕۆیشتی
فرە خراپ
بەجۆرێك ڕۆیشتی
هەموو تەمەنم بڕژێتمە بەرپێت
نایەیتەوە.
کەڵێرە بویت
فرمێسکم لێ شاردیتەوە
لێم شاردیتەوە پێت بڵێم
" هەرچی تاڵی ئەم دونیایە هەیە
لەو دەم و لێوەی تۆ بێتە دەر
لای من، هەر شیرینە، هەر شیرینە"**
ئەها ـ من ئێستە
لەسەرباڕێك ئەچمم
لەپێشی پێشەوەی، بێ وەفای تۆ
کەوتوم و هەڵناسمەوە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بڕێ ئازیز هەیە
لەخەون ئەچێت
کە ڕاچڵەکیت ئیتر نایبینیتەوە.

فرە خراپ ڕۆشتی
فرە خراپ
دوای تۆ، لەسەر بانێژەی تەنیایی
باڵکەوتم و تائێستاش هەڵنەساومەتەوە.

بڕێ دۆست هەیە
لەمنداڵی ئەچێ
لەچاوشارکێکدا
تاچاوت ئەکەیتەوە وندەبێ
کە لەدەستت چوو، تائەمری
خەون بەگەڕانەوەیەوە ئەبینی
وەلێ ئەو، هەرگیز نایەتەوە...

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

کە بیر لەتۆ ئەکەمەوە
حەوشەکەمان پڕ ئەبێت لەچۆلەکە
کە بیر لەخۆم ئەکەمەوە
چرای ماڵەکەم ئەکوژێتەوە.
لێرەوە تاو سەری ژیانم لێ دیارە
هەمووشتێك دەبینم
جگە لە تۆ و
ئایندەی خۆم!!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من
ئیتر نەدەرگام هەیە و
نە پەنجەرە.
من
ئیتر نەماڵم هەیە و
نە کۆڵان.
پیاوێك لەخەونا بژی
ماڵی بۆچیە؟.
پیاوێك لەخەونەکاندا
بۆ ژیان بگەڕێت/ دەرگای ناوێ
پەنجەرەی ناوێ/ کۆڵانی ناوێ.
من ئیتر
پیاوێکم لەخەوەن
ئەوەی دەیەوێ هەواڵم بپرسێ باڵبچێت خەون ببینێت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

فرە خراپ ڕۆیشتی
فرە خراپ
دەبوایە بزانی، دەنگی کەوتنە خوارەوەی مەرگ
خۆشترە لەدەنگی درۆیەك.
من سێ ساڵە
بەدیار درۆیەکی تاریکەوە
خۆم داگیرساندوە.
من دوانزە وەرزە
بەدیار هەڵکردن جۆگەیەك ئاوەوە
قاچم هەڵکردوە.
من عومرێکە پەنجەرەکەم کراوەتەوە
تا شنەبایەك بێت ئەم تەنیایەم ببات
ئەما، ئەمانگ هەڵهات و ئەرۆژ بەربویەوەو
نە با هات.
من ئیتر
باوەرم بەهیچ نەما
ژیان پیاوێکی بە ئەدەبە، ژنێکی درۆزن فریوی ئەدا.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

خاستکرد ڕۆیشتی ***
نەیەیتەوە
ئەگەرچی هەموومان دەزانین
ئەم قسەیەم درۆییە
وەلێ، نەیەیتەوە
دوای تۆ
هەمووشتێك باشە
جگە لە من!!...

پەراوێزەکان
*زرە خراپ: ئەم دەستەواژەیە هەورامیە، یانی : زۆر خراپ
** ئەم بەیتە شیعرە سود بینینە لە شیعرێکی، مەولەوی شاعیر، پێشوتریش بێ ناو نامنابوو.
*** خاس: وشەیەکی هەورامیە، یانی باش، خاستکرد، یانی بلێنکر.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

جۆرێکی تر سەبری پاییزکە،
شاعیرانە نا..
ژنانە..
بزانە دوگمەی کراسەکەت، مە ترازان ناکا؟

جارێکیان،
نامەیەکی ، درێژم بۆ ناردی
لە سەریم نووسی:
کاولبێت ئەم دڵە بێ تۆ!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

دەنگی هاوڕێکانم دێت

مرۆڤ
سێبەرەکەی جوانترە
لەخۆی.

کە بێزاربووم، یان دڵتەنگ، کتوپڕ بێ ئەوەی بە کەس بڵێم، بێ ئەوەی خواحافیزی بکەم، جانتاکەم ئەکەمە شانم و ئەڕۆم. جاری واهەیە ڕۆیشتووم ڕۆیشتووم تا ئەوسەری گریان. جانتاکەی من دووشتی تیدایە، کتێب و دەستنووسەکانی تەنیایم، دڵیشم گریان و تۆ. جاری وا هەبووە دڵی خۆمم بینیووە ئەوەندە تەنگ بووە لەو دیوویەوە هەمووشتێکم لێدیاربووە جگە لە ژیان. جاری واش هەبووە بەجۆرێك خۆم بینویەتەوە هەستم کردووە لەم سەر زەمینە ڕێم نابێتەوە. مرۆڤ برێکجار گیردەخوات بەدەست خۆیەوە. هەتا شتێکی گەورە لەدەست نەدەیت، نازانیت شتە بچوکەکان چەند جوانن. هەتا خۆت نەبینیت لەسوچێکی ئەم دونیایەدا بە بێدەنگی و دڵێکی پڕەوە سەیری ئاسمان دەکەیت، نازانیت هاتنە سەرزەوی چەند دەردێکی سەختە. لەوانەیە زۆربەمان موسافیربین. هەندێکمان لەم دڵتەنگیەوە ئەچین بۆ ئەو دڵتەنگی، هەندێکی تریشمان لەم تەنیایەوە بۆ ئەو تەنیایی. بەڵام هەموومان لەم دۆزەخەوە بۆ دۆزەخێکی تر دەڕۆین. ژیانکردن لە هەرشوێنێك بێت دۆزخە. لەناو ئەم هەموو دەردانەدا، کەسانێك هەن وەك سێوێك سەیرت ئەکەن، قاژت ئەکەن، تۆێکڵەکەت لێدەکەنەوە، تۆوی دڵت دەردەهێنن، ئەمما ناتخۆن. من ئەزانم کەسانێك هەن شەنێکیان بەدەستەوەیە، وەك شەنیەرێك دەت ئەکێشن، بۆ ئەوەی دانە دانە گوێزەکانی تەمەنت بکەونە خوارەوە و بشکێن. من لەو شەنیەرانە دەترسم مرۆڤ دەتەکێشن.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

## هێڵێک

بەدەوری ژیانتا بکێشە،
لەناوەڕاستی هێڵەکەدا دانیشە،
لەخۆت بپرسە
تۆ پوچیت؟ یان ژیان؟.

بەختی من
یەک تۆز ژیان و
مشتێک دەردە.

من
بۆ کەسێک زۆر شتم لەدەستدا،
ئەویش لەبەر خۆی،
منی لەدەستدا.
ژیان دوای لە دەستدانی شتەکان،
ئاسانترە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من بەم ڕێگایەدا دەڕۆم
هیچ شوێنێکم لێ دیارنیە،
جگە لە بەرزاییەك.
ئەوەی دەیەوێت بەشوێنما بێت.
با خەون ببینێت...
خەون.

ماوەیەکە زۆر ئاگام لە هاوڕێکانم نیە، دەمەویە یانیەک خۆم

پێچایەوە و تا گوندەکەی خۆمان بەراکردن چووم. ڕاهاتووم

www.kurd4to.tk

هەرکاتێك ڕقم لە دونیابێت بەجێی بێلم. ئەزانم ئەوەندە گلەیم لە کرێت دەموچاوم سور هەڵدەگەرێت. باشترە هاوڕێکانم گلەیم بکەن نەك ژیان. زمانم لالبێت ئەگەر بڵێم هاوڕێکانم خراپن. ئەوان نەبن لە تەنیاییدا رەق ئەبمەوە. هاوڕێکانم بەجۆرێك ئاگایان لێمە هەستەکەم هێشتا منالم. حەزناکەن جلی کۆنە لەبەرکەم، حەزناکەن لەسەر عەرەبانە لەفەبخۆم، حەزناکەن بەتەنیا بچمە دەرەوە، حەزناکەن جگەرەی هەرزان بکێشم. حەزناکەن زۆر بێدەنگ بم، حەزناکەن پێلاوەکانم دڕابن. هاوڕێکانم زۆر سەیرن، ئەیانەوێت من بەو جۆرەبم کەناتوانم ببم، هەندێکیان دەست ئەکەن بەگیرفانما ئەزانن بەشی چەند لەفەی تر پارەم پێیە. باعزێکیشیان ئەمگەڕێنن بەم دونیایەدا تا ئەو شتانەی نەمدیوون بیان بینم. هاوڕێکانم ئەوەندە باشن بیرم ئەچێت کەی بچمەوە بۆ ماڵی باوکم. بیرم ئەچێت بێ شوێنی، بێ ماڵی، بێ پارەیی، چۆن مرۆڤ پڕدەکات لەخەیاڵ، لەخەون. هەمیشە ووتومە: هەتا پێلاوەکانت نەدڕێن هەست بە قورسایی خۆت ناکەیت لەسەر زەوی. ئەم قسەیە بەس هەژارەکان لێی تێدەگەن. مرۆڤی ئەم سەردەمە کە گیرفانی خاڵی بوو دڵیشی پڕە. هەمووجار لەبەر خۆوە دەڵێم: ئەگەر تۆزێك ژیانم بدەنێ بەشی خەڵکیش ئەدەم من نازانم ئەو خەڵکە بۆچی وا خۆیان پەرێشان دەکەن، خۆ ژیان ئەوەندە زۆرە بەشی هەموومان ئەکات. بە هاوڕێکانما دەزانم بۆچی هەندێك کات دونیا بێدەنگە. لەو بێدەنگیەدا بەپێکەنینەوە پیاندەڵێم: گوێم لە ترپەی دڵی کەستان نیە هاوڕێیان، ئەزانم دڵتان شکاوە. تکایە با دەنگتان بێت خەمگینترین دەنگی مرۆڤ دوای دڵشکانیەتی.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

زیان
وەك هەنارێك وایە،
هەتا شەقی نەکەیت
دانەکانی دڵی دەرناکەون.

هیچ وانیە
دونیا ئاخیر نابێت،
هەتا ئەو ڕۆژەی من تۆ لەبیر نەکەم!

خۆ باشیش دەزانم
کەسێك هەیە
درەنگ دەڕوات زۆر درەنگ
ئەما کەڕۆیشت
بەدونیاش نایەتەوە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من
لەو خەڵکانە دەترسم
ماچی دوو لێو پەرێشانیان دەکات و
ئەم هەموو کوشتنەش رایان ناچڵەکێنێت!.

من لەو شارە دەترسم
خەڵکەکەی هەتا چاویان دائەخەن،
خەون نابینن!.

" نەبەز گۆران "

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هەموو کۆتاییەك
سەرەتاییە
من لێرەوە دەست پێدەکەم
تۆش لە وێوە چاوەڕێم کە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

پێمخۆش بوو-
هەموو شتێك لە من بڕوا
منداڵی-
گەنجیەتی-
تەمەن-
بەس تۆ نا.

پێمخۆش بوو-
هەموو شتێك  دووربێ لە من
ژیان-
ئارامی-
پێکەنین-
بەس تۆ نا.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

دڵێك

بۆ ژیان نا..

بۆ تۆ لێئەدات.

بە نەفرەت بێت

با هەر لێئەدات!!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

خۆشەویستی،
لێرە جۆرێکی ترە،
یانی ئەڵێی نووسینی سەر دیوارەکانە
زوو کاڵ دەبێتەوە!!

دڵتەنگی،
لێرە جۆرێکی ترە
یانی ئەڵێی چاوەڕوانی منە بۆ هاتنی تۆ
هەر تەواو نابێت!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تەنیایی،
لێرە جۆرێکی ترە.
یانی ئەڵێی تۆی لە دڵی مندا
هەتابێت گەورە تر ئەبێت!!..

من زۆر سەیرم،
لە گەنجەکان ناچم
لە شاعیرەکان ناچم
لە نووسەرەکانیش ناچم
لە باخەوانەکان ئەچم.
کە دەچمە باخچەیەك
بە گوڵەکان دەڵێم:
توخوا هەڵمەستن خانمان!!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

من زۆر سەیرم،
پاییزان-
کە درەختێك ئەبینم بەرووتی
تەریق ئەبمەوە!!.
کەچی دایم ئەڵێم:
ژن
لە نانی سەر ساج ئەچێ
بەگەرمی خۆشە!!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

ئەمشەو،
سەبەتەیەك ئەگرم بە دەستمەوە
چەشنی منداڵان،
ماڵەو ماڵ ئەگەڕێم.
نوقڵی پێکەنین کۆ ئەکەمەوە،
چوکلێتی خەون کۆ ئەکەمەوە،
خۆشەویستی کۆ ئەکەمەوە،
کە گەیشتمە بەر ماڵی ئێوە
لە خۆشیا ئەکەوم بە دەما.
لەگەڵ خۆما هەرمووی ئەرژێنمە بەرپێت
سەیرکە
چەند خۆشە ئەمشەو !!..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بڕینکجار،
حەزناکەم ڕۆژ بێتەوە
ئەزانم بەبێ تۆ تاریکە دونیا!..
بڕینکجاریش
بۆم گرنگ نیە،
ڕۆژبێت یان شەو
ئەزانم بەبێ تۆ مردنە دونیا!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

من،
ئەگەر منداڵیم لێ ونبێت،
لە ناو گوڵی کراسەکانی دایکما
بۆی دەگەڕێم.
من،
ئەگەر تۆم لێ ونبێت،
لەناو کوچە ڕۆشنەکانی دڵما بۆت دەگەڕێم.
من،
ئەگەر خۆم ونبم.
لە هیچ شوێنێک نیم.
لەناو پێکەنینیدا نیم.
لەناو گۆرانیدا نیم.
ئەوەی دەیەوێت بمدۆزێتەوە
با بچێت دڵتەنگ بێت،
من باخەوانی دڵتەنگیم!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

هەموو وەرزەکان هاتن و
تۆ هەر دیار نەبووی،
چەن فەقیرم من.
هێشتا نازانم تۆ هەموو وەرزەکانی و
بێ خەبەر،
هەر سەیری، هاتوو چوون ئەکەم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

لە خۆشەویستیدا
دووری
نزیکیە.

مرۆڤ
هەتا نەتوانێت بفڕێ
ناتوانێ عاشق بێت.
مرۆڤ
هەتا نەتوانێت خۆی لەبیر کا
ناتوانێت یار لەبیر کا.

لە خۆشەویستیدا
هەواڵ پرسین،
بڵێ،
بیرت ئەکەم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لە هەر دەمێکدا
لە هەر وەرزێکدا
نیشتیمان دڵی بشکێنێت،
من لە جێی خۆمەوە
مەیلی گریان ئەکەم!

سادەیی یانی
کە سێبەری میوانێك دەرکەوت،
سفرەی دڵی بۆ ڕاخەیت.

سادەیی یانی
لێگەڕێی هەموو کەس وەك خۆی بێت،
لێگەڕێی هەمووشت وەك خۆی بێت.
لێگەڕی ژیان دڵی نەشکێنێت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

نەفرەتی ـ

وابیر مەکەرەوە هەمووشت باشە!.

ئەڵێی سێوێکی هەڵوەریووە،

دڵی من۔

نەفرەتی۔

وابیر مەکەرەوە هەمووشت خراپە!.

ئەڵێی تەمی سەر کێوێکانە،

لە دەورت ئاڵاوە،

دڵی من۔

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

سادەیی یانی
وەك درەخت سەیری مرۆڤ بکەیت.
ئەگەر کەسێك لە دەرگای دای،
پێش ئەوەی دەرگای بۆ بکەیتەوە،
دڵی بۆبکەیتەوە.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تۆ
ئەگەر بتزانیبایە، ئەو برینەی
خۆشەویستێك دروستی دەكات،
بە كەسی تر سارێژ نابێت.
هەرگیز نەدەڕۆیشتی.

من
ئەگەر بمزانیبایە، لەو پەری بڕواوە
دەنگی پێی، بێ بڕوایی دێت،
هەرگیز بڕوام نەدەكرد!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لە هەر کاتێکدا...
لە هەر لایەکەوە...
چ لە تاریکیدا...
چ لە روناکیدا...
سەیرم بکەیت،
برینێك لە سەر دڵمە،
هێندەی درۆکانی تۆ گەورەیە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

من لێرەم
هیچم نیە،
بەس بیری تۆ ئەکەم.

من لە هەتاو ناچم،
دوای سەیرکردنت ئاوا ببم.
من لە گوڵە بەرۆژە ئەچم،
هەتا ئاوائەبی، سەیریت ئەکەم.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

ئەمە کەی حەقە
ئەم هەموو وەفایە بۆ دڵی من و
ئەو هەموو بێ وەفایەش بۆ دڵی تۆ.
ئەمە کەی حەقە
ئەم هەموو چاوەڕوانیە بۆ من و
ئەو هەموو نەهاتنەش بۆ تۆ.
جا قوربان...
حەق ماوە؟!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەگەر هەموو کەس،
وەك وەرزەکان بیری بکردایەتەوە،
بیزانیایە بۆ بەهار تەڕە؟.
بۆ هاوین گەرمە؟.
بۆ پاییز ڕووتە؟.
زستان بۆ دڵکی ساردە؟.
هیچ ژنێ، لەسەر تەڕی و گەرمی و ڕووتی نە دەکوژرا،
ژن خۆی هەرچوار وەرزەکەییە.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

من
دڵتەنگیەکانم ئەوەندە زۆرن،
بۆم کۆناکرێنەوە.
من
خۆشبەختیەکانم ئەوەندە کەمن،
بۆم نادۆزرێنەوە.
من
ئەوەندە گەڕام بەشوێن تۆدا،
خۆم وونبووم!.
من تۆم خۆشدەوێت،
بەڵام،
زۆر...

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەم هاوینە زۆر گەرم بوو،
ئەمما هیچ گەرماییەك،
هێندەی نیگا ساردەکانی تۆ
نام سوتێنێ.

بڕێکجار..
ئەوەندە دڵم تەنگە
لە کۆڵانێکی هەڵەبجە دەچم..!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

با ڕاست پێت بڵێم:
ترپەی دڵی تۆ
هێندەی دەنگی ،
( سەید عەلی ئەسغەر) خۆشە!.
با نەیشارمەوە:
دڵی من
بەبێ تۆ،
هێندەی ژێر کراسەکەت،
ناسکە!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تەنها یەکجار...
بەس یەکجار، هەڵمبگرە،
بمشارەوە لە ناو جانتاکەتدا
بۆ هەمیشە، هەتا مردن
هەڵتدەگرم دەتشارمەوە لە ناو دڵما.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لەبەرخۆم نیە
لەبەر تۆمە.
ئەگەر ناتوانیت عاشقم بیت
لێگەرێ،
با من عاشقت بم.
ئەگەر ناتوانیت بێنیت
لێگەرێ،
با من بێم.
ئەگەر ناتوانیت لەدڵتدا هەڵمبگریت
لێگەرێ،
با من لە دڵمدا بتشارمەوە!.

من
تەنها ئەوکاتانە شاعیرم
کە گوێم لە ناوی تۆیە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

دیوانێکم نوسیووە،
هەمووشتی تێدایە جگە لە پێکەنین.
هەمووشتی تێدایە جگە لە دوری،
دیوانێکم نوسیووە، لە دڵم ئەچێت، ڕێک لە دڵم
هیجی تێدا نیە جگە لە تۆ.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لە ناو ئەم هەموو خەڵکەدا
هەمیشە کەسێك هەیە، لەوانی تر ناچێت،
لە هەموو کەس زیاتر بیری ئەکەیت،
لە هەموو کەس زیاتر دڵت تەنگ دەبێت بۆی،
لە هەموو کەس زیاتر خۆشت ئەوێت.
کەچی ئەو کەسە،
هەرگیز نابێت بەهی تۆ!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

جامێك

ئەگەر هەر شەرابی تێکەیت چی لێدێت؟.
عاشقیش دوای ڕۆشتنی یارەکەی،
ئاوا گریانی لێدەرژێت...

مردوش دڵتەنگ دەبێت!.
خەمگین دەبێت!.
تەنیا دەبێت!.
وەك من دوای تۆ.
مردوش زیندو دەبێتەوە!.
یەکێك دادەگیرسێنێت و خۆی دەروا،
چاو لە دەرگایە تا یەکێکی تر بێت،
وەك تۆ دوای من.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

مرۆڤ
هەندێك ڕۆژەكانی زۆر ئارامن
زۆر بێدەنگن،
زۆر هێمنن.
كەچی كەسێك دێت.
بەنیگایەك/ بە زەردەخەنەیەك/
ڕۆژەكان پەرێشان دەكات.
دڵ وێران دەكات!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

تۆ...
هەرگیز گوڵدانێکت بینووە،
کاتێك لە پەنجەرەوە بەردەبێتەوە؟.
چۆن پارچە پارچە دەبێت؟.
چۆن گوڵەکانی ناخی،
بەدڵشکاوی دەکەون بەلادا؟.
من،
چەندین عاشقم بینیووە،
دوای ڕۆیشتنی یارەکەیان،
وەك ئەو گوڵدانە پارچە پارچە بوون!.
من،
چەندین عاشقم بینیووە،
دوای ئەوەی تەنیا ماونەتەوە،
خەونەکانی ناخیان،
وەك ئەو گوڵانە بەلادا کەوتوون.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

دەزانی دڵخۆشی لە کوێیە؟.
ڕێك ، لەسەر ئەو مەچەکەی،
کە حەزدەکەی شەوان، لە ژێر سەرتابێت.
دەزانی  دڵتەنگی لە کوێیە؟.
ڕێك لەو شوێنەی، چاوەڕێی کەسێك دەکەیت
بەڵام ئەو هەرگیز نایەت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

ئەم هاوینە جوتیارێکم دی،
بە باوەش، پەڵەگەنمی کۆدەکردەوە،
ووتم: خودایا..
کەی بێ منیش ئاوا، جوانی یار کۆکەمەوە؟.

دابەزاندنی کتێب بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

پێمخۆشە شتێک بڵێی:
بەر لەوەی بڕۆم.
یانی بەر لەوەی بمرم، شتێک بڵێ:
هەموو دڵخۆشیم ئەوەیە،
هەموو ئومێدم ئەوەیە،
دوای ڕۆیشتنم،
یانی دوای مردنم.
بۆجارێکیش بێت بڵێیت:
"بریا نە ڕۆشتبایت،
بریا نە مردبایت،
بریا هی من بایت"
دە شتێک بڵێ: هەرشتێک بێ قەینا
حەزدەکەی بڵێ: "یادی بەخێر".
یان بڵێ: نەدەبوو بێ من بڕۆیت
یان بڵێ: چەند دڵرەقە مردن، لە ڕۆیشتن دەچێت، لە بێ تۆیی دەچێت
دە شتێک بڵێ: بەس شتێک. هەرچی بێت قەینا.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

بێوەفایی نێرگز بوایە،
وەرزی تۆ
هەمیشە بەهار دەبوو.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هەتا چاو بڕکا
بێتاقەتی.
هەتا دڵ حەزکا
تەنیایی.
هەتا تۆ بتەوێت
خۆشەویستی.
ئەم سێ دێڕەیە ژیانی من.

پاییز..
تەحەمولی ئەو هەموو جوانیەی تۆ ناکا،
بۆیە رووت ئەبێتەوە!.
منیش بەرگەی ئەو دوورییەی تۆم نەگرت،
بۆیە خۆم نووسیەوە!.

هیچم نیە..
وەلێ، کەبیر لەم دەستنووسە دەکەمەوە:
(( درۆ..
هیچ شتێك ناشکێنێت،
جگە لە دڵ..))

تۆم دێتەوە یادا!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بە منداڵی،
ناوی ژنم دەبیست!.
ژنی زۆرم دەبینی،
ئەما نەمدەزانی ژن چیە!.
کە گەورە بووم
لە دڵما دۆزیمەوە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من،
کە شکست دێنم
نیتشە دەخوێنمەوە.
من،
کە بێزار دەبم دەچمەوە بۆ گوند.
من،
کە ئازارم دەدەن
ناوی گوڵەکان دەدەم.
من،
کە تۆ ڕۆیشتی،
بیر لە خۆم دەکەمەوە تا خۆم بدۆزمەوە.
بیر لە ڕاستگۆی دەکەمەوە، تا تۆ لە بیر کەم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بێ تۆیی
بڵێ،
من.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لێرەوە.

تا ئەو سەری ژیانم لێ دیارە.

هەموو شتێك دەبینم،

جگە، لە تۆ و ئایندەی خۆم.

مادام هەمووشتێك دیارە

جگە لە وێنەی تۆ، لە ئایندەمدا.

یانی، هیچ شتێك لە من دیار نیە.

یانی، من هیچ نابینم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بڕێکجار،
ئەوەندە بەسادەیی دەنووسم،
تەنکیشم لە ترپەکانی دڵم دەگات.
بڕێکجاریش،
ئەوەندە بە دڵتەنگی دەنووسم،
خوێنەرەکانم گریان دەخوێننەوە.
بڕێکجاریش،
ئەوەندە بە قوڵی دەنووسم،
خۆشم خۆم نا دۆزمەوە..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هەتا نەچین،
بۆسەر گۆڕستانەکان،
نازانین، کە لەو دونیاش تەنیاین.
هەموومان بەتەنیا ئەمرین و
بەتەنیا ئەمان نێژن!.
تابزانین، ژیان لە کۆڵمان دەبێتەوە بەس تەنیایی نا.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من کۆترم خۆشدەوێت
لە باڵندەکانی تر ناچێت
هەمیشە خەمگینە.
من سنەوبەرم خۆش ناوێ،
لە درەخت ناچێ، هەمیشە سەوزە
تۆشم خۆش ناوێ،
لە مرۆڤ ناچی، هەمیشە جوانی..!!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

گەر خۆشەویستی،
وەك درۆكان گەورە بوایە،
تا ئەبەد بەشی دەكردین.

هەموو رۆژانێكی هەینی
ماڵەكەم پاك دەكەمەوە،
باقی رۆژەكانی تریش دڵم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لە ژوورەکەی من،
سێ وێنە هەڵواسراوە.
وێنەیەکی فروغ
چونکە لە هیچ ژنێك ناچێ،
وێنەیەکی غاندی
تاجەنگم لە بیر بچێتەوە.
وێنەیەکی قازیش
تا شەرم نەکەم کە کوردم!!

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

گەر خۆشەویستی،
وەك درۆكان گەورە بوایە،
تا ئەبەد بەشی دەكردین.

هەموو رۆژانێكی هەینی
ماڵەكەم پاك دەكەمەوە،
باقی رۆژەكانی تریش دڵم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ڕێبوارێکی ماندوت دیووە؟

دەچێتە سەر کانیەك، تا ماندوویەتی بڕوا

وێنەی خۆی لە ناو ئاوێنەی کانیەکەدا دەبینێت،

منیش ئاوا...

هاتم ئاوێنەی خۆم لە سەر کانی دڵت ببینم،

ئارام ببمەوە و ماندوویەتیم بڕوات،

تۆ...

وەك ئاوی کانیەکە ڕۆیشتی،

وێنەکەی منیشت لەگەڵ خۆت برد.

ئەگەر...

لەو خوارەوە کەسێکی تینوتان دی

مەیەڵن ئاوی بێوەفایی بخوات، با دێوانە نەبێت

ئەگەر لەو خوارەوە درەختێکی وشکتان دی

بزانن ئەوە ئاوی بێوەفایی ڕۆشتنی ئەو و

دڵشکانی منی خواردەوەتەوە.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

ژیان یەك تۆزە،
بەقەت جێ پێی ماچێکی دایکم
بە روخساری خوشکەزاکەمەوە.

تۆ-
قەت قۆخێکت دیووە
کاتێ بەردەبێتەوە سەر زەوی؟.
چۆن مێروولە تێی دەدا؟.
منیش ئێستا وەك ئەو قۆخە
تەنیایی تێی داوم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەها..
یا بەمنداڵانە پێت بڵێم:
زۆر منداڵانە،
حەزدەکەم یەک تۆز خۆشت بوێم
یەک تۆز،
بەس هەتا هەتایی.

دایکم دەڵێت:
کوڕم ژن بێنە
باشترە ژنت هەبێت.
باوکیشم هەروا دەڵێت.
هاوڕێکانم و ناسراوەکانیشم وادەڵێن.
بەس من دەڵێم:
لەبری ئەوەی ژنم هەبێت،
باشترە تۆزێك عەقڵم هەبێت!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بۆ تێ ناگەیت
حاڵم باشە ئیتر!.
بەبێ تۆ
سەرم داویەتی لە سپیەتی و
دڵیشم لە تەنگی!.
بۆ تێ ناگەیت
حاڵم باشە ئیتر!.
ئێستا لە هەنارێک ئەچم،
بە دەنگی پێی تۆ، شەق ئەبم و
دانەکانی دڵم دەر ئەکەون!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بۆ تێی ناگەیت
من
تەنیا نیم،
ئەوە تۆیت نایەیت!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بۆنایەی
شتەکانمان بەشکەین؟!.
دڵتەنگیەکانی تۆ بۆ من و
دڵخۆشیەکانی منیش بۆتۆ!.

بۆنایەی
خۆشەویستیەکەمان بەشکەین.
تۆ خۆتت خۆشبوێت،
منیش تۆ.

بۆنایەی
زەوی، دونیا، ژیان، بەشکەین.
هەر هەمووی بۆتۆ و
دڵی تۆش بۆ من.

بۆنایەی؟!..

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەزانی

چاوەڕوانی کردنی کەسێک کەنایەت،

گەمژەیەتی نیە.

عاشق بوونە. (*)

ئیتر بۆنایەی؟!..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

بێتاقەتی گەڵا بوایە،
بەشی هەمووتان سێبەرم دەبوو.

گوێم لە دەنگی پێی بەهارە،
لە ناو چرپە چرپی، شکۆفەی گوڵەکاندا.
بەڵام گوێم لە دەنگی پێی تۆ نیە، لە ناو دڵی خۆمدا.
یانی هێشتا بەهار نەهاتووە..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

چەند سەیری تۆ!.
دەمێك لە ژن ئەچیت.
دەمێك لە وەرزەکان.
کەچی هەرگیز لەوە ناچیت
من خەونی پێوە دەبینم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەگەر لە بیابان بپرسن
چ شتێك زۆر بێوە فاییە.
بێشك دەڵێت: باران، چوون هەرگیز نایەت.
ئەگەر لە دڵی منیش بپرسن
چ شتێك زۆر بێوەفاییە.
بێشك دەڵێت: یار، چوون هەرگیز نایەت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

کچەکەم..
بیرت نەچێت.
ئەگەر شاعیرێکت بینی،
هەواڵی تەنیایی لێ بپرسە.
ئەگەر سیاسیەکیشت بینی،
کراسەکەت هەڵکە با پیس نەبێت.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من،
لەخۆشترین شوێنی دونیا بووم
لە ئارامترین شوێنی دونیا بووم
لە میهرەبانترین شوێنی دونیا بووم
لە نیانترین شوێنی دونیا بووم
ئەو کاتەی لە تەنیشت تۆوە وەستا بووم.
من،
لەناخۆشترین شوێنی دونیام
لە خەمگینترین شوێنی دونیام
لە دڵتەنگترین شوێنی دونیام
لەو کاتەوەی دورم لە تۆ...

داونلۆد به سه‌په‌ری کورد فۆتو

www.kurd4to.tk

گریان
شه‌قه‌ی باڵی
دڵه.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

چەن جوان دەسوتێ
چرای ئەو ماڵە نا،
دڵی من، دوای  ڕۆشتنی تۆ.

برادەر گیان-
شیعر میراتی باوکی کەس نیە.
وەلێ، سیاسیەکان دەبێ، دەم و
ددانیان بشۆن جا بیخوێننەوە.

دابەزاندن بە مالپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەگەر-
خەم خواردن وەك شەراب حەرامبێ
کەسمان ناچینە بەهەشت.
ئەگەر-
خەم خواردن وەك ئاو حەلالبێ
دەبێ دەرگای جەهەنەم دابخرێ.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تۆو ئاو لە یەك دەچن،
کتومت لە یەك دەچن،
هەردووکتان ئیشتان بەس ڕۆیشتنە.

•

گەر منال ببمەوە،
بە خەتێکی گەورە
لە سەر تەختە ڕەشەکە دەنووسم:
نامەوێت گەورەبم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

کورد،
لە تەنیایی دەترسێ
بۆیە هەمیشە تەنیایە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هەردووکمان بیر لە یەك شت دەکەینەوە.
تۆ بیر لە ڕۆشتن دەکەیتەوە،
منیش بیر لە ڕۆشتن دەکەمەوە بەدوای تۆدا.

ئومێد،
لە گیرفانی هاوڕێکانم ئەچێت
هیچی تیانیە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

بیر لە کەسێ نەکەمەوە
بە ئەندازەی شەو تاریك بێت!.
تا ماندووبم بۆ دۆزینەوەی.

هەموو ڕۆژەکانم بخە سەریەك
بەقەت ئەو ڕۆژانە درێژ نەبوون
کە تۆ ڕۆشتی.
هەموو ڕۆژەکانم بخە سەریەك
بەقەت ئەو ڕۆژانە جوان نەبوون
کە تۆ هاتی..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەها..
دەبێت پێت بڵێم:
شتێک هەیە هەرگیز نامرێت هەرگیز
وەک خۆشەویستی من بۆ تۆ..
ئەها..
با پێت بڵێم: شتێک هەیە
لە هەمووشت زوتر دەمرێت،
لە هەمووشت
وەک رقی من لە تۆ..
ئەها..
با پێت بڵێم: شتێک هەیە
لە نێوان ئەم دووانەدا هەمووشت دەکوژێت
وەک نەهاتنی تۆ.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هەستدەکەم خەڵکی ئەم شارە
هێندەی پەنجەرەی ماڵەکانیان
دڵیان پاك بکردایەتەوە،
پیری دەرنگتر دەهات.

هیچ لە بارەی ژنەوە نازانم
ئەمما، دنیاکەی دی
هێندەی دەنگی پێی ژن خۆشبوایە،
هەمووومان، بەشوێن مردنا دەگەڕاین.

بیرکردنەوە لە تۆ
شەراب بوایە،
من هەمیشە مەست ئەبووم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

تەنیایی
ناوی دووهەمی
منە
هەمیشە دوای من
تەنیایی دێت!

زەوی لە من ئەچێت،
من، ئەمەوێت نەمرێت
ئەو، دەیەوێت بمرێت
هەردووکمان بۆ باوەشت وادەکەین.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

پێم بڵێ...،
ئەگەر-
هەموو زەوی بگەڕێم،
تۆ دەدۆزمەوە؟.
ئەگەر-
هەموو تەمەنم بخەوم،
دێیتە خەوم؟!.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

هاوینان بەفر ئەبارێ و
بەهاران گەڵا ئەوەرێت،
سەیرکەنەهاتنت،
چۆن سەری لە وەرزەکانیش تێکداووە.

دوێنێ شەو
گازم لە سێوێك گرت،
توێکڵەکەی  زۆر جوان بوو،
ناوەوەشی گەنیبوو،
لە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەچوو!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

کە تۆدەڕۆیت،
لە بری زەوی دڵی من ئەلەرزێت،
کە تۆ دەمریت، زەوی باوەشی گەرم دەبێت و
باوەشی منیش سارد،
کە تۆ لێرەیت، هیچ شوێنێك وەك ئێرە جوان نیە.

بۆهەر کوێ بڕۆی
دێیتەوە بۆ لای من.
ئەزانی زەوی ئەسوڕێتەوە؟.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

خەون بینین بە تۆوە
تەقوا بوایە
هەموو ئەوانەی ئەچن بۆ بەهەشت
لە ماڵەکەی منەوە ئەچوون.

بێ ئەوەی خۆت بزانی
پیاوێك لەمنا،
تۆ دەنووسێتەوە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

من پەنجەرەیەکم هەیە،
هەمیشە کراوە بەڕووی دڵتەنگیدا.
دەرگایەکیش داخراو بەڕووی پێکەنیندا.
بۆنایەی دەرگاکەم بکەیتەوە و
پەنجەرەکەم داخەیت؟!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

خۆشەویستی ئاوایە،

تۆش هەمووتان [illegible]

قژت شانە ئەکەیت و

خەمی من ئەوەرێت،

تۆش

چاوت دادەخەیت و

ئاسمانی من تاریک ئەبێ..!!

هەمیشە،

یەکێك ئەبێتە پەروانە و

یەکێکیش وەك شەمع ئەسوتێ..!!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەوەی خراپە بابێتە سەر زەوی،
مرۆڤ گەر باشبوایە لەئاسمان دەرنەدەکرا.
ئای زەوی چەن ئاگردانێکی گەورەی
ئای مرۆڤ چەن سەرگەردانی
لە نێوان ئاسمان و زەویدا.

-

ژیانی من چەند مەتریکە،
لە ژوورەکەی خۆمەوە، بۆ سەر کارەکەم.
لە کارەکەمەوە، بۆ ناو ژوورەکەم
لە وانەیە قەبرەکەم تۆزێك لەمە تەسکتربێت.
کەواتە ژیان، ناوی یەکەمی مردنە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

ئەمشەو
زوو دەخەوم
تا زووتر تۆ ببینم.

بۆ ئەوانە دەنووسم
دوورن لێمەوە،
ئەوانەی نزیکن لێمەوە
لە بری شیعر ،
تۆ لەناو چاوەکانما دەخوێننەوە.

هەموو خەونەکانم دەفرۆشم
تا سەرینێك بكڕم بۆ خەونەکانی تۆ
دە ئیتر خۆشەویستی ئاوایە.!
بۆ من، ژیان و مردن فەرقی نیە
تەنها ئەوە نەبێت، کە تۆ دەڕۆیت
ئیتر مردن دێت.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

دڵی تۆ
لە زیندانێك ئەچێ،
هەر ڕۆژێ کەسێك ئەشکەنجە دەدا.

ئەتوانی بڕۆی
هەرگیز تەنیانابم،
هەمیشە پاکەتەکەم پڕە لە جگەرە!!
ئەگەر بێیتەوە
جگەرە تەرك ئەکەم،
لە بری ئەو، خۆم دائەگیرسێنم.
ئەگەر نەییتەوە
جگەرە تەرك ناکەم،
با پێکەوە هەردووکمان بسوتێین بۆت!!

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

مرۆڤ،
گەر خەونەکانی لێ بسەنەوە
ئیتر هیچی نیە بیبینێت.

ئەبێ زوو بخەوم
تا خەون بە تۆوە ببینم.
ئەبێ هەڵنەسمەوە،
نەکا درەنگ بێیتە خەوم
چەن سەرقاڵم من.!!

دابەزاندن بە سەپەرشتی کورد فۆتۆ
www.kurd4to.tk

بەهار
یانی
یار لەماڵ نیە.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەڵێی چی-
لەسەر قەدی دارێك بنووسم،
لەگەڵ مردنیش بێت،
هەر خۆشە؟.
ئەڵێی چی-
لە باوەشتا ڕاکشێم،
هەڵنەسمەوە تا پیری دێت؟.
ئەڵێی چی-
دەست لە تەنیایی هەڵگرم و
بۆ خۆم خەون بە تۆوە ببینم؟
ئەڵێی چی؟-

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لە ناو دڵی
هەمووتاندا
کڵپەیەك ئاگر هەیە،
ئیتر بۆ ئاگر نەکەنەوە یاران؟!.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ڕادیۆ ئەڵێ:
سەرمایییەك لە کێوەکانە
هێندەی دووری تۆ سەختە.
ڕۆژنامە ئەڵێ:
یار بەڕێوەییە، یانی بەهار هات!!

فەرامۆشم کە
تا بە جۆرێکی تر
بۆت بگەڕێم.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

مردن شتێکە ،
دەتوانێت ناشیرینیەکان لەگەڵ خۆی ببات.
جوانیەکانیش دوای خۆی جێ بهێڵێت.
گوێبگرە،
دەزانی مردن لە چی دەچێت؟.
لە دەنگی پێی تۆ کاتێک دەڕۆیت.
گوێبگرە،
دەزانی ژیان لە چی دەچێت؟.
لە دەنگی پێی تۆ کاتێک دێیت بۆ لام.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

باوباپیرانمان ڕاستیان ووتوە:
شار هی ئێمە نیە
عاشق ئەبێ کۆبەکۆ بڕوا!!

خۆشەویستی
گۆرانیەکە،
دەبێت بۆ یەك کەسی بڵێیت..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

وەك چۆن جوتیارێك
هەمیشە سەیری ئاسمان دەکات.
تا بزانێت، باران دەبارێت یان نا.
منیش، هەمیشە گوێ لە ترپەی دڵی زەوی دەگرم.
تا بزانم دەنگی پێی تۆ بەرەو من دێت یا نا.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

کاتێ
بانگت ئەکەم
دڵت دێ نەیەیت؟.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ
www.ku
من ئەگەر خەیام بومایيە
لە بری شەراب
خەمی تۆم ئەخوارد.
من،
ئەگەر گۆران بومایيە،
لە بری هەورامان و قەرەداغ
گەشتم بە جوانی تۆدا دەکرد.
ئەگەر کۆلۆمبس بومایيە،
بەس بەشوێن دڵی تۆدا دەگەڕام.
من هیچکامیان نیم،
دەرختێکم، لە بری گەڵا تۆ ئەگرم.

هەموو،
شتێکی دووبارە ناخۆشە،
جگە لە بینینی روخساری یار.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

ئەزانی
نیشتیمانی من
کوێیە؟. ماڵی یار.

ئەو هەمووە ژیام
وامزانی ڕاستیە
کەچی خەون بووا..

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

لێگەڕێن با بباریت بەفر!.
تا کۆتایی تەمەن کڕێوە بکات
ناتوانێت جێ پێکانی یار
بەسەر دڵی منەوە بشارێتەوە..

بە تەنیام
لە ژێر
خۆمدا.

تایبەت بە ماڵپەری کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

کە دەچمە باخچەیەك
بە گوڵەکان ئەڵێم:
توخوا هەڵمەسن خانمان.

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

دیوانێکم نووسیووە
هەمووشتێ تێدایە جگە لە یەکگەیشتن
هەمووشتێ تێدایە جگە لە دووری
دیوانێکم نووسیووە لە دڵم ئەچێت ڕێک لە دڵم
هیچی تێدا نییە جگە لە تۆ



لە بناری
ژنێکدا
پیاوێک خۆی دەچێنێت..
لەگەڵ پێشکەش کردنیدا
سوپاس تۆ
ئەی ئەوەی دەمنووسیتەوە
بۆ ئەوەی لەبیرت نەچم..

# Bot ebarêm

Nebez Goran

تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ

www.kurd4to.tk

**کتێبی (بۆت ئەبارێم)**
**نوسینی :(نەبەز گۆران)**
**ئامادەکردنی بۆ فایلی کۆمپیتەری**
**(ایبراهیم صاڵح)**
**تایبەت بە ماڵپەری (کورد فۆتۆ)**

kurd4to.tk

